**بەناوی خودای بەخشندەو میهرەبان**

**بەناوی گەلەوە**

**پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق**

**ژمارەی دەرچوون: ١٨**

**مێژووی دەرچوون: ٢٠١٨/٧/١٨**

**پشت بە حوکمی بڕگەی (١) لە ماددەی (٥٦)ی یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراو و ، لەسەر داوای ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان ، و لەسەر ئەو یاساکارییەش کە پەرلەمان لە دانیشتنی ئاسایی ژمارە (٧)ی ڕۆژی ٢٠١٨/٧/١٥ ئەنجامیداوە و ، بەپێی ئەو دەسەڵاتەش کە لە بڕگەی (سێیەم)ی (ماددەی یەکەم) لە یاسای ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠١٧ بەدەسەڵاتی سەرۆکایەتی پەرلەمان دراوە ، بڕیاری دەرکردنی ئەم یاسایەی دا:**

## یاسای ژمارە ( ١١ )ی ساڵی ٢٠١٨
## یاسای هەمواری سێیەمی یاسای بەکرێدانی خانووبەرە ژمارە ( ٨٧ )ی ساڵی ١٩٧٩ی هەموار کراو
## لە هەرێمی کوردستان – عێراق

**ماددەی ( ١ ):**

**ماددەی (١) لەیاسای هەمواری دووەمی پیادە کردنی یاسای بەکرێدانی خانووبەرە ژمارە (٨٧)ی ساڵی ١٩٧٩ ی هەموار دەکرێت و بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە.**

**ماددەی ( ١ ):**

**ئەو گرێبەستانەی بۆمەبەستی بەکرێدانی خانووبەرە بۆ نیشتەجێ بوون یا غەیری نیشتەجێوون گرێدراون، هەر (٤) چوار ساڵ جارێك نوێ دەکرێتەوە بە کرێیەك کە هەردوولا لەسەری ڕێك دەکەون بە زیادکردن یان کەم کردن بەمەرجێك لە حاڵەتی زیاد کردنی کرێیەکە لە ٢٠٪ زیاتر نەبێت لە کرێی پێشوو**

**ماددەی ( ٢ ):**

**ماددەی (٢) لە یاسای هەمواری دووەمی پیادەکردنی یاسای بەکرێدانی خانووبەرە ژمارە (٨٧)ی ساڵی ١٩٧٩ی هەموار دەکرێت و بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە.**

**ماددەی ( ٢ ):**

**یەکەم: ئەگەر هەردوو لای گرێبەست لەسەر بڕی کرێ ڕێك نەکەوتن کە بەپێی ماددە (١) کە لەم یاسایەدا هاتووە ئەوا هەردوو لا یان لایەکیان بۆیان هەیە داوا لە بەڕێوەبەرایەتی باجی خانووبەرە بکەن کە لە ڕێگەی لیژنەی خەملاندنی تایبەتەوە بەرەچاو کردنی دۆخی ئابووری خەملاندن بۆ کرێیەکە بکات.**

**دووەم: بڕیارەکانی لیژنەی هاتوو لە بڕگەی (یەکەم)ی ئەم ماددەیە شایەنی تانە لێدانە لەبەردەم دادگای بەرایی لە ماوەی (١٥) پانزە ڕۆژ لە بڕیاری خەملاندنەکەوە وبڕیاری دادگا یەکلاکەرەوە دەبێت.**

**ماددەی ( ٣ ):**

ماددەی (٤) لە یاسای هەمواری دووەمی پیادەکردنی یاسای بەکرێدانی خانووبەرە ژمارە (٨٧)ی ساڵی ١٩٧٩ هەڵدەوەشێتەوە.

**ماددەی ( ٤ ):**

ماددەیەك بۆ یاساکە زیاد دەکرێت و ریز بەندی مادەکان رێك دەخرێتەوە و بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە.

چۆڵ کردن (تخلیە) لە گرێبەستەکانی ماددە یەکی ئەم یاسایە ملکەچ دەبێ بۆ حوکمەکانی یاسای بەکرێدانی خانووبەرە ژمارە (٨٧)ی ساڵی ١٩٧٩.

**ماددەی ( ٥ ):**

کار بەهیچ دەقێکی یاسایی یان بڕیارێکی ناکۆك لە حوکمەکانی ئەم یاسایە ناکرێ.

**ماددەی ( ٦ ):**

پێویستە لەسەر لایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.

**ماددەی ( ٧ ):**

ئەم یاسایە لەرۆژی بلاوبوونەوەی لەرۆژنامەی فەرمی وەقایعی کوردستان جێبەجێ دەکرێت.

## هۆیەکانی دەرچواندن

لەپێناو هێنانەدی دادپەروەری و هاوسەنگی لەنێوان مافی خاوەن موڵك و کرێچی و، بە لەبەرچاو گرتنی دۆخ و گرفتی ئابووری وکۆمەڵایەتی، ئەم یاسایە دەرچوێندرا.

| | | |
|---|---|---|
| **بێگەرد دلشاد شکرالله** | **جعفر ابراهیم ئێمینکی** | **یوسف محمد صادق** |
| **سکرتێری پەرلەمانی** | **جێگری سەرۆکی پەرلەمانی** | **سەرۆکی پەرلەمانی** |
| **کوردستان - عێراق** | **کوردستان – عێراق** | **کوردستان – عێراق** |